


# خوێندنەوەیەکی خێرای کتێبی (سامۆئێل بیکێت)

خوێندنەوەی: کاروان جەمال

سامۆئێل بیکێت تا ئەمڕۆ ئەدەبیاتی شانۆی هاوچەرخ شانازی پێوە دەکات، ڕەنگە گرنگی ئەم نووسەرو شانۆکارە تەنها لەوەدا نەبێت چەند شانۆنامەیەك یان چەند ڕۆمانێکی نووسی بێت، بەڵکو گرنگی ئەو بۆ ئەوە ئەدەبیاتی شانۆی هاوچەرخ لەوەدایە کە جگە لەوەزیفەی نووسەرەکەی بەجەدی فەیلەسوفێکی فکری هاوچەرخە..

تا پێش نووسینی شانۆیی (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا-1953) ئەدەبی شانۆی (فەرەنسی-ئیرلەندی) ئاراستەو ڕچەیەکی تایبەتی هەبوو، بەڵام پاش نووسینی ئەم تێکستە شانۆییە ئیدی وەك (فریدنانندۆ ئارابال) دەڵێت شانۆ ڕێڕەوی خۆی گۆڕی و لەنەریتێکی کۆمەڵایەتییەوە بەرەو دونیایەکی ئاخێنراو بەفکر هەنگاوی نا!!

بۆیە بۆ ئێمەی خوێنەری کورد زیاد لەهەموو میللەتێك پێویستمان بەوەرگێڕانی تێکستەکانی ئەم کەڵە نووسەرو فەیلەسوفانە هەیە، بۆ ئەوەی بەئاگابین لەو پێشکەوتنەی کە قۆناغە هەمەجۆرەکانی شانۆ پێیدا گوزەریان کردوە، کە ئەمڕۆ لەکتێبخانەی جیهانیدا زیادەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین بەسەدان کتێب لەسەر فکرو ژیان و بەرهەمەکانی سامۆئیل بیکێت هەیە، تەنانەت نزیکترین زمان لەئێمەوە عەرەبییە کە من بۆ خۆم چەندین سەرچاوەی گرنگم بینیوە لەسەر ئەم نووسەرە پوچگەرایە..

بەڵام تاکە سەرچاوەی کوردی لەسەر سامۆئیل بیکێت بەزمانی کوردی کتێبە سەنگینەکەی (شۆڕش محەمەد حسێن)ە کە ساڵی 2005 بڵاویکردۆتەوەو لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپکراوەو لەزنجیرەی کتێبەکانی ئەو ساڵەدا ژمارە (61)ەو لەدووتوێی (80لاپەڕەی) قەبارە بچوکدایە..

دیارە قەبارە مەرجی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی کتێب نییە ئەوەی گرنگە ناواخن و ئەهمیەتی ئەو کتێبەیە بۆ خوێنەران ئەگینا کتێبەکەی (ناسان سکوت) لەسەر سامۆئیل بیکێت و وەرگێڕأنی (موجاهید عەبدولمنعم) بۆ سەر زمانی

عەرەبی هەر (140 لاپەڕەیەکە)، بەڵام پڕاوپڕ بەزانیاریو سەرنجو تێبینیو لێکۆڵینەوەیە لەبەرهەمەکانی ئەم نووسەرە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم کتێبە لەچەند بەشێکی گرنگ پێکهاتووە کە گرنگترینیان بریتین لە:.

*لەجوڵەوەستانو داڕمانی پەیوەندییەکان.

*بیکێت مردو گۆدۆ نەهات.

*بیکێت لەنێوان ئەدەبو شانۆدا.

*بیبلۆگرافیای ژیانی هونەری بیکێت.

*روانینێکی تراژیدیانە بۆ جیهان.

*بیکێت داکۆکی لەئارابالْ دەکات.

ئەمانە بەگشتی سکێچی ئەو بابەتانەن کە لەکتێبی (سامۆئیل بیکێت)دان.

**کاتێك تەعبیر لەتەنیایی خۆم دەکەم، مەبەستم تەنیایی گشت مرۆڤایەتییە!!**

ئەم دێڕەی بیکێت یەکێکە لەدێڕە زۆر باوەکانی کە لەئەدەبی شانۆیی پوچگەرادا پێگەیەکی زۆر بەهێزی داگیرکردوە، قسەکردن لەسەر سامۆئیل بیکێت، بیٚ قسەکردن لەسەر ئەو هەستە تەنیاییەی کە لەقولاٚیی دەقەکانیو لەناو ناخی کارەکتەرەکانیدا هەیە شتێکی ناتەواوە، چونکە بەردەوام کارەکتەرەکانی بیکێت بەناسنامەی تەنیایی ناتەواوە، چونکە بەردەوام کارەکتەرەکانی بیکێت بەناسنامەی تەنیاییدا دەناسرێنەوە، ئەوان دەیانەوێت لەو تەنیاییەی خۆیانەوە گوزارشت لەتەنیایی، تۆ، من، ئێمە، هەمووومان بکەن، چونکە مرۆڤ بەبڕوای بیکێت لەدوای هەردوو جەنگی ماڵوێرانکەری یەکەمو دووەمی جیهانی هەستێکی قوڵی پڕ لەتەنیایی لەناخیدا گەشەی کردو تا ئەمڕۆش مرۆڤی هاوچەرخ بەدەستیەوە دەناڵێنێت..

ئەدەبە ناماقوڵەکەی بیکێت هێڵی تەنیایی مرۆڤی کێشا گرفتو کێشەکانی خەڵکانی تەنیایی خستەڕوو هەروەك خۆی دەڵێت: (مرۆڤ تەنیایە، بەردەوام هەوڵ ئەدات پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروپشتی ببەستێت، کاتیٚ ئەو پەیوەندیەش دێتەدی، دەبینین مرۆڤەکەی بەرامبەری یان بەخۆیەوە یان بەشتە رۆتینەکانەوە سەرقاڵە، دیسانەوە لەبازنەی تەنیاییدا خۆی دەبینێتەوە).

لەو تەوەرەش کە لەم کتێبەدا کە لەداڕمانی پەیوەندییەکان ئەدوێت، هەوڵێکی جوانە بۆ دۆزینەوەی چرکەساتەکانی روخانی بەهای گرنگی ئینسانی کە بەوپێیەی هیچ قۆناغێك هێندەی دوای جەنگ مرۆڤ توشی داڕمانو روخان نابێت، ئەی ئەوەنییە کارەکتەرەکەی بیکێت لەشانۆگەری (کۆتایی گەمەدا) کە تاکە ئەکتەرێکە کە بوونی لەسەر تەختەی شانۆ هەیەو ئاماژەیەکە بەبوونی بیابانێکی پڕ تیشکی بەهێزو کاریگەر بۆ سەر دیدی مرۆڤەکان، تاو ناتاوێکیش گوێی لەفیکەیەك دەبێت کە جارێك لای راستەو جارێکیش لای چەپ، بەڵام لەهەموو جارێکدا بەرەو یەکێك لە لاکان هەنگاو دەنێتو بەپڕتاو خۆی دەخاتەوە سەر تەختەی شانۆ، سەرەڕای ئەوەی لەهەموو جارێکیش خۆی لەخۆڵ دەتەکێنیٚ.

ئیدی تا دوا چرکەکانی نێو شانۆگەرییەکە ئەم کارەکتەرە لەترپەترپی نێو نادڵنیایی ناخیدا دەژیو ناشزانێت ئەو قەلەقیە بەرەو کوێی دەبات.

دواتر لەباسی بیکێت لەنێوان (ئەدەبو شانۆ)دا کە من پێم وایە هیچ خوێنەرو شیکاریستێك ناتوانێت بەجیا لەبیکێت لەم دوو تەوەرە بدوێت، چونکە بۆ هەرلایەکیان بیکێت خەرمانێك لەبەرهەمو داهێنانی گرنگی هەیەو دەشتوانین لەسەر هەر تەوەرەیەکیان بەچەندان لێکۆڵینەوە باسەکەمان دەوڵەمەند کەین. چونکە لەبواری ئەدەبیدا بیکێت دادەنرێت بەیەکێك لەڕاگرانو پێشڕەوانی چیرۆکی تازە کە لەگەڵ (کلۆد سیمۆنو ئالان رۆب گریٚو فیرجینیا وولف) هەوڵیان بۆ دامەزراندنی ئەداو کاریگەری (بیکێت)یش بەسەر هەموویانەوە دیارە.

لەگەڵ ئەمەشدا بەیەکێك لەدامەزرێنەرو پێشڕەوانی شانۆی (ئەبسۆرد-پوچگەرا) دادەنرێت لەگەڵ ئەدامۆڤویوژین یونسکۆو ئارابال و ژان ژینیە..

کەس نکوڵی لەوەش ناکات بیکێت لەهەموو نووسەرانی ئەبسۆرد لەپاریس زیاتر ناوبانگی دەرکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەم لە(دبلن)ی پایتەختی ئیرلەنداوە هاتبوو، زۆرێکیش لەنووسەرانی ئەو قۆناغە کە هاوڕێی بیکێت بوون لەپاریس لەدەرەوەی فەرەنساوە هاتبوون و پاریس ببووە پایتەختێکی فەرهەنگی و رۆشنبیری بۆ ئەو نووسەرانە.

لەوەشدا کە باس لەڕوانینێکی تراژیدیانە بۆ جیهان دەکات، لەم بەشەشدا ئەو هەست و روئیاو رەشبینانەی بیکێت دەردەکەوێت کە هەمیشە وەك پوچگەرایەك روانینە رەشەکانی خۆی خستبویەڕوو، لەمەش گرنگتر ئەو ژیانی تایبەتی خۆی ریتمێکی رەشی و رەشبینانەی هەبوو، بەشێوازێك زۆر جار ئەو ریتمەی ئیحابەخشی نووسینەکانی بووە.

بیکێت دووچاری چەند قۆناغێکی بێدەنگی درێژو رەشبینی گەورە بووە پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەشیدا پەیوەندییەکی بێزراو بووە وا هەستی دەکرد لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەو ئاستە نزمترە.

روانینی بیکێت بۆ جیهان روانینێکی تا سەر ئێسقان تراژیدیانەیە روانینیشی بۆ خەڵکانیتر هەمیشە هاوڕێکانی توشی سەرسوڕمان دەکرد.

بەڕای تایبەتی من و دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە هەست دەکەم نزیکترین شتێك لەو کتێبە کە لەمنەوە نزیکەو دەلالەتی بەهێزیشی هەیە، ئەو نامە تایبەتییە کە (سامۆئیل بیکێت) بۆ دادگای تایبەتی (مەدرید) ناردویەتی بۆ دادگاییکردنی یەکێك لەگەورە نووسەرانی ئیسپانی کە ئەویش (فریدناندۆ ئارابال)ە کە لەدەقی نامەکەی بیکێت هاتوە:.

لەبەرانبەر بانگێشتی ئامادەبونم بۆ گەواهیدان لەمەسەلەی دادگاییکردنی (فریدناندۆ ئارابال)دا ئەم نامەیە دەنووسم بەو هیوایەی دادگا ئەوە بزانێت کە ئەم نامەیە سودمەندە لەناساندن و پێناسەکردنی بەها مرۆیی و هونەرییەکانی کەسێك کە لەڕێگادایە بەرەو دادگاییکردن.

دادگایی نووسەرێکی ئیسپانی دەکرێت کە لەماوەی 10 ساڵدا لەپێشەوەی نووسەرە شانۆییەکانی ئەمرۆ قوربانی داوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی کە (ئارابال) هەیەتی بەخاکەکەیەوە) بۆیە ئیسپانیا ئامادەبوونی هەمیشەیی هەیە لەسەرجەم ئەو شوێنانەی کە بەرهەمەکانی تێدا نمایش دەکرێت، هەر بەهۆی رابوردووەوە بەنرخەکەیەوە داوا لەدادگای بالا دەکەم کە دەرکردنی حوکمەکەیان بەسەر ئەم نووسەرە ئەفرێنەرە رابگرن، لەگەڵ بوونی مەسەلەیەکی گرنگیتر ئەویش ئەوەیە (ئارابال) -گەنج و ناسکە- چ لەشێوەی جەستە بێت یاخود دەروونی بۆیە پێدەچێت مەینەتی زۆر بچێژێت پێش ئەوەی جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ بەخشینەکانی کە تا ئێستا پێی نەبەخشیوین، سزادان بەسەریدا بەهۆی تاوانێکەوە بەتەنها سزادانی مرۆڤێك ناگەیەنێ، بەڵکو سەرجەم ئەو بەرهەمانەی کە لەقۆناغی لەدایکبووندا دەخاتە بەر مەترسی پێویستە ئەوانە هەمووی بەهەند وەربگیرێت و هەر بەتەنها بەم رێگەیەش دەتوانرێت (ئارابال) بگەڕێتەوە بۆ موعاناتە تایبەتەکانی.

سامۆئیل بیکێت-مەدرید-ئابی 1967.